رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 16:45بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# رۆڵی یەكێتی گشتی قوتابیان لەدوێنی وە تاوەكو ئەمرۆ ... جەلال هۆرێنی



خەباتی تێكۆشانی قوتابیان بەپی سەردەمە یەك لەدوای یەكەكانی ئەم زەمینە گەورەترین گۆرانكاری لەبزاڤی رزگاری خوازی گەلاندا كردوە، هەمیشە قوتابیان سەرچڵی بەرخودان وقوربانی دان بوون بۆ نەوەكانی دوای خۆیان، بێگومان هەرشۆرش وگۆرانكاریەك گەر كرابێت بەبی قوتابیان نەبووە، ئەمرۆ لەجیهاندا بەتایبەتی لەدەوڵەتە دیموكراتەكاندا رۆڵ وكاری كار ومیدانی نەوەكان هەمیشە بەزیندوی دەمێنیەتەوە، گەرتاوێك بگەرێنەوە بۆ مێژووی گەلان باس لەرۆڵی قوتابیان بكەین، ئەوا جوانترین نموونەی شۆرش لەژێردەستی قوتابیاندالەفەرنسا روویدا وگەورەترین گۆرانكاری پیشەسازی وئابوری لەووڵاتەدا دروستكرد، هەروەها لەعێراقیشدا لەدوای ململانیەی هێزی كاروبازووی فیداكاری نەوەیەك دروست بوو كەهەمیشە بیركردنەوەكانیان لەنێو كاری بەدیموكراتی كردن و پێشخستنی كۆمەڵگا بووە ئەوان بیركردنەوەیان بۆ ئەمرۆبووە كەئێمە مانان بەهەمان بیروهزرو پێشخستنی كۆمەڵگابەشێوازێكی سەردەمیانە كاردەكەین. كاركردن لەووڵاتێك كە سەرتای هەنگاونانی بوو بۆ چوونەنێو دیموكراتی ویەكتر قبوڵكردن. ئالەوسەردەمدا لەگۆرەپانی سیباع ولەبەرواری 1948/4/14 دا یەكەمین رێكخراوی قوتابیان لەعێراقدا دروست بوو كە توانی سەرجەم قوتابیان بەبی جیاوازی نەتەو ئاین ئینتیمای حزبی كۆبكاتەوە. ئەمەیش هەنگاوێكی نوی رۆڵە پێشكەوتنخوازەكانی گەلی عێراق بوو كە توانیان بیرلەوەبكەنەوە سەرجەم ئایدیا جیاوازەكان لەیەك رێكخراوەدا كۆبكەنەوە، ئەم رێكخراوە توانی لەسەرتاكانی كاركردیدا دەنگی قوتابیان یەك بخات و كاربۆ بەدیهاتنی مافەرەواكانی قوتابیان بكات دەنگی قوتابی بەدەسەڵات بگەێنی. ئەویش رێكخراوی یەكێتی گشتی قوتابیان لەكۆماری عێراق بوو، كە باوەری تەواوی بەمافی گەلی كوردوچارەنووسی ئەوگەلە هەبوو. بۆیە راستەوخۆ لقی كوردستان كرایەوە شان بەشانی براعەرەبەكان كوردەكانیش توانیان رۆڵ وكاری خۆیان لەمیدانی كاركردنی قوتابیان بەدەربخەن وبەشەرەفەوە ئەركی بەربرسیارێتیان گرتەئەستۆ. دواتر لەبەرگرنگی وكاركردنیان و مافی چارەنووسیان كوردستان وەك هەرێمێك مامەڵەی لەگەڵدا كراو لقەكە كرا بەهەرێمی كوردستان، بێگومان ناكرێت باسی مێژووی ئەم رێكخراوەبكرێت باسی رۆڵ وكار كردنی شاعیری دیاری عەرەبی (جەواهیری) نەكرێت كە رۆڵی لەدروستكردنی ئەم رێكخراوەدا هەبوو لەپاڵ ئەمیشدا چەندین كەسایەتی دیاری كورد كەئەوسەردەمە لەشاری بەغداد دەیانخوێنت خزمەتێكی زۆریان لەورێكخراوەدا كردوە. دواتر لەبەرواری 1970/5/1 یەكێتی گشتی قوتابیان لەكۆماری عێراقدا لە كۆنگرەی خۆیدا بریاری دا بەدروستكردنی یەكێتی گشتی قوتابیانی كوردستان كە بەپی پەیرەوی ناخۆی رێكخراو بەشێك دەبێت لەیەكێتی گشتی قوتابیان لەكۆماری عیراق وەتاوەكو ئێستاش هەربەشێكە لەورێكخراوە. هەردوو رێكخراو وەكو هەموو لایەنە سیاسیەكانی سەرگۆرەپانی عێراق خاوەنی چەندان شەهیدن كەئەوسەردەمە زیندانەكانی حكومەت پركرابوو لەقوتابیان بەهۆی كاركردنیان لەپێناو بەدیموكراتی كردنی كۆمەڵگاو پێشخستنی بواری زانست ونا بۆتوندو تیژی كۆمەلایەتی، بۆیە یەكێتی گشتی قوتابیان هیچی كەمتر نەبوو لەو حزبانەی كەبەدەستی حكومەت شەهیدو زیندان دەكران. یەكێتی گشتی قوتابیانی كوردستان لەمەیدانی كاركردنیدا باوەری تەواوی بەمافی چارەنووسی گەلی كورد هەبووە وكاریشی لەپێناو پاراستنی دەستەكەوتەكانی ئەم هەرێمە كردووە هەمیشە بەگیانێكی شۆرشگیری لەخەباتدا بووە. لەپاڵ ئەمشدا

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕێزی لەنەتەو ئاینە جیاوازەکانی نێو کوردستان گرتوە بەبی جیاوازی لەرێکخراوەدا کاریان کردوە، ئەمەش جوانترین نموونەی پێکەوژیان وکارکردنبووە کە ئەمرۆلەکوردستاندا حزبەسیاسیەکان پەیرەوی دەکەن. ئەمرۆلەکوردستان یەکێتی گشتی قوتابیان دەوروکاریگەری خۆی هەیە و کاربۆ بەدیهاتنی مافە رەواکانی قوتابیان وپێشکەوتنی بواری زانست وبەسەردەمیکردنی ناوەندەکانی خوێندن ودوورخستنەوەیان لەدەست تێوردانی حزبی وبەگرخستنی توانای قوتابیان دەدات وە رۆڵ و توانای یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان لەدروستکردنی فیدراسۆنی رێکخراوە قوتابی وخوێندکاریەکان ویەکخستنی رۆڵی رێکخراوەکان لەپێناو کاری دەستە جەمعی بۆ قوتابیان وهەوڵدەدات بۆ دیموکراتی کردنی ناوەندەکانی خۆیندن وە لەچالاکی بەردەوام دەبێت لەسەرچەم ناوچەکانی کوردستان لەپێناو بەهێزکردنی توانای قوتابیان، ئێستا لەم قۆناغەدا کاربۆ ئاستی رۆشنبیری قوتابیان دەکات. چونکە باوەری وایە کە قوتابیانی ئەمرۆ بەئاستێکی رۆشنبیری تەواو پی بگەیەنری بەیانی هەمان قوتابی خزمەتی کۆمەڵگاکەی دەکات. چونکە ئێمە ئێستا لەکوردستان پیویستمان بەنەوەیەك كەسبەینی بتوانی وولات لەبواری پیشەسازی وکۆمەلایەتی وسیاسی وئابوری بەرەوپێش ببات. لەپاڵ ئەمەش یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان کاردەکات بۆ گۆرێنی پرۆگرامەکانی خوێندن وبەسەردەمی کردنی ئەوپرۆگرامەی کەئێستا هەیە لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن وەهەموو رۆڵی خۆی تەرخان دەکات بۆ بەرەوە پێشچوونی گۆنگرەی پەروەردەی لەکوردستان کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە سازی بدات. هەروەها هەوڵدەدات زانکۆکانی کوردستان ببنە خاوەنی چەندین قوتابی بەئەزموون کەرۆڵیان هەبێت لەبەرەوپێشچوونی رەوتی خوێندن، وەکاربۆئەوەدەکات پرۆگرامەکانی زانکۆکان سالانە بەپی گۆرانکاریەکان گۆرانی تێدا بکرێت ودیاردەی قبوڵ خاسە نەمێنی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.